# لە پەراوێزی خۆپیشاندانەکانی کوردستاندا

**نادر عبدالحمید**
jamal1506@yahoo.com



## 1- ئۆلیگارشی پوڵدار، ڕوخساری کوردایەتی لەمڕۆی کوردستاندا

**ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسی-کۆمەڵایەتی و ئابووریانەی کە لە چوار-پێنج ساڵی ڕابردوودا لە کوردستاندا هاتوونەتە ئاراوە بنەمای بزووتنەوەیەکی ناڕەزایەتی جەماوەری پێکهێناوە. ئەم بزووتنەوەیە لەسەر بنەمای ئەم باروزروفە تازەیەی دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس هاتۆتە ئاراوە، پەیوەست نیە بە ناڕەحەتی و ناڕەزایەتی جەماوەر لەدەست "یەکیەتی" و "پارتی" لە دە-پانزە [10-15] ساڵی ڕابردوی بەر لە ڕوخانی سەددام، گەرچی ئەم ناڕەزایەتیە مێژووییەش لەدەرونی ئەم ناڕەزایەتیانەی ئەمڕۆدا زیندوو ئەبنەوە و دەبنە هۆکارێکی سەربار (ئیزافی) بۆ پەرەپێدان و بەرفراوان بوونی داوێنی ئەم ناڕەزایەتیانەی ئەمڕۆ. واتە ئەم ناڕەزایەتیانەی ئەمڕۆ درێژبوونەوەیەکی (إمتداد) ناڕەحەتی و ناڕەزایەتی خەڵك نیە لە دەست "یەکیەتی" و "پارتی"، وەك لە لێکدانەوە و ڕاگەیاندنەکانی هەندێ لە حیزب و گروپە چەپەکاندا دەردەکەوێت، بەڵکو لەسەر زەمینەیەکی (کۆمەڵایەتی-ئابووری) و (سیاسی-فکری) تەواو جیاواز سەریان هەڵداوە وەلە ناوەڕۆکدا تەواو جیاوازە لە ناڕەزایەتیە مێژووییەکانی دە-پانزە ساڵی ڕابردوو. تێگەیشتن لەم خاڵە زۆر گرینگە بۆ هەڵسوڕانی سیاسی و گرتنەبەری تاکتیك و ستراتیژ لەلایەن هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانەوە (کە پاشان دێینە سەری).**

**ئەم خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیە تازانەی ئەم دواییانە نیشانەی ئەوەیە کە کۆمەڵگەی کوردستان لە ئۆردوگایەکی ئاوارەیی گەورەوە دوای جەنگی کەنداوی یەکەم (1991) بە پاسەوانی "یەکیەتی" و "پارتی" بەرەو شکڵ گرتن وەك کۆمەڵگەیەکی مەدەنی دەچێ و پاسەوانەکانی ئۆردوگاش ئێستا لە شکڵی کاربەدەستانی دەوڵەتیدا خۆدەنوێنن. ناڕەزایەتیەکانی جەماوەریش ئەمجارە لەشکڵی خۆپیشاندانێك لە کۆمەڵگەیەکی مەدەنیدا دەردەکەون. ئەم ناڕەزایەتیانە لەو شوێنەوە سەرچاوە دەگرن کە خەڵکی کوردستان پاش ڕەوینەوەی شەبەحی دێوەزمەی ناسیونالیزمی عەرەب بەسەریانەوە، ئیمکاناتێك ئەبینن کە مەوجودە و بەبەرچاوی خۆیانەوە ئەبینن کە لێپرسراوانی حیزبی "یەکیەتی" و "پارتی" و دەوڵەتەکەیان کێشەوەی لێدەکەن و ئەو سەروەتوسامانەی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەیە خەریکە وەك کەڵەکەی سەرمایە لەدەستی کەمایەتیەکدا کۆ ئەبێتەوە.**

**لە کاتێکدا کە خەڵکی کوردستان بەدەست بێ کارەبایی، بێ ئاووی، بێ سووتەمەنی نەوت و گاز و بەنزین، خراپی ڕێگاوبان و شەقام، نەبوونی هەزارویەك خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتیەوە ئەناڵێنن، لەولاوە ئەبینن گەڕەکی "دۆلاراوا" لە هەولێر و "فیرعەوناوا" لە سلێمانی دێتە ئاراوە کە لە خوا بەزیاد بێت بەدەست هیچ شتێك لەمانەوە ناناڵێنن! لەکاتێکدا کە خەڵکی هەراسان بوون بەدەست گرانیەکی لەڕاددەبەدەر و توانای کڕینی سەوزە و میوە و پێداویستیەکانی ژیانیان نەماوە و بە ناڕەحەتی کرێخانوویان بۆ ئەدرێت، کەچی لەملاوە هەر "کۆمپانیا"یەو لەناو بازاڕی (سەرمایەی) ئازادی کوردستاندا ڕادەگەیێنرێت. عبدالله حاجی سعید، نوێنەری مام جەلال لە "ژووری بازرگانی سلێمانی" (لەسەرەتای نۆڤەمبەری ئەمساڵدا-بڕوانە ڕۆژنامەی هاووڵاتی ژمارە 299 بەرواری 8/11-2006) ڕایگەیاند کە تەنها لەشاری سلێمانیدا سی و پێنج (35) کەسی ملیاردێری دۆلار و هەزار (1000) کەسی ملیۆنلەری دۆلار هەیە. هەتا ئەگەر بشڵێین ئەم نوێنەرەی سەرۆك تاڵەبانی زیادەڕەوی و زیادەگۆیی (موبالەغە)ی کردووە و ئەو ژمارانە زۆر دروست نین و لە جیهانی واقعیدا ئەم ژمارانە کەمترن، بەڵام هیچ لەو مەسەلەیە ناگۆڕێت کە ئەمڕۆ توێژێك لە ئۆلیگارشی پوڵدار (الطغمة المالیة-Oligarchy) لە کوردستانی ئەمڕۆدا هاتۆتە ئاراوە. ئەم توێژە ئۆلیگارشیە پوڵدارە کە لە ماوەی سێ دەیەی ڕابردوودا لەئاکامی (بازرگانی جەنگ) و (بازرگانی سیاسەت) بە چارەنووسی میللەتێکەوە، شکڵی گرتووە بەشێکە لە ڕووخساری کوردایەتی ئەمڕۆ. لە چەند دەیەی ڕابردوودا ڕووخساری کوردایەتی لە سەروشکڵی پێشمەرگەیەکی هەژارونەداردا دەردەکەوت کە ئازاو نەبەردە، پاڵەوانی مەیدانی جەنگە بەدژی دەوڵەتێکی عەرەبی داگیرکەر بۆ ڕزگاری نیشتیمان، گیان بەخت کەرە بۆ ئازادی خەڵکی کوردستان لەدەست زوڵموزۆری، شیعارەکەی (یا کوردستان یا نەمان)ە..بەیەك مانا شەهیدی ڕێگای کورد و کوردستانە. ئەمڕۆ لەگەڵ ئەوەشا کە ئەم ڕووخسارە ڕۆژانە هەزارجار وەك منەت و فەزڵفرۆشی لە کەناڵی تەلەفزیۆنەکان و ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنەکانەوە بەچاوی خەڵکی دادەدەنەوە بەڵام هەر کاڵ و کەم ڕەنگ بۆتەوە لە چاو ڕوخسارێکی واقعی هەرئێستا کە**

کوردایەتی هەیەتی ڕوخساری لێپرسراوانی حیزبی خواپێداو خاوەن دەسەڵات و شەهیدی "گەڵا" و "دەفتەر" و "بلۆك"ە ڕەنگینەکانی دۆلار.....هتد. ئەمە بەرهەمی پڕوپاگەندەی کۆمۆنیستەکان و دوژمنانی میللەت نەبووە بەڵکو بەرهەمی ئاڵوگۆڕیەکی واقعیە کەلە کۆمەڵگەی کوردستاندا هاتۆتەدی. ئەمە شیلەی ژیان و خوێنی خەڵکی کوردستانە لە مەفهوم و دەربڕینی وەك "گەڵا" ، "دەفتەر" و "بلۆك"ی دۆلاردا لە بازاڕەکانی کوردستاندا دەستەبەر کراوە و دەست بەدەست لەنێوان گیرفانەکان و سندوقی پارەکانی ئەو توێژەدا دێن و دەچن. لە جیهانی واقیعی سیاسەتدا ئەم دەسەڵاتە (حکومەتی هەرێم) پارێزەی بارودۆخێکە کە ئەبێ ئەم "گەڵا" و "دەفتەر" و "بلۆك"ە دۆلارانە تیا ڕەونەق پەیا بکەن و بدرەوشێنەوە لەسەر حسابی ژیانی خەڵکی کوردستان. ئەڵبەتە ئاسۆی سیاسی ناسیونالیزمی کورد و دەسەڵاتەکەی فراوانترە و ستراتیژیتر دەڕوانێتە ئایندەی سەرمایە و پێداویستیە هاوچەرخەکانی لەوەی کەهەر تەنها لەچوارچێوەی بەرژەوەندیەکانی ئەو توێژە لە ئۆلیگارشی پۆڵداردا سنوردار بکرێتەوە، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەرکێکی گرینگی ئەم ناسیونالیزمە و دەسەڵاتەکەی لەمڕۆی کوردستاندا پاسەوانی کردنە لە سەروەتوسامانی ئەم ئۆلیگارشییە (کە خۆشیان بەشێکن لێی) بەحوکمی ڕۆڵ و نەخشێك کەئەم توێژە لە کەڵەکەی سەرمایەدا ئەیبینێ بۆ ئایندەی ئابووری (سەرمایە) کوردستان. ئەمڕۆ سەرمایە وەك ئەختەبوتێك (Octopus) بێڕەحمانە چنگ و نینۆکەکانی لە جەرگوهەناوی کۆمەڵگەی کوردستان گیر کردوە.

مەرجی سەرەتایی و سەرەکی بۆ هەر دەسەڵاتێکی سیاسی، چ هی ناوخۆی کۆمەڵگەکە خۆی بێت (دەسەڵاتی میللەت) یان دەسەڵاتێکی داگیرکەر بێت و لە دەرەوەی "میللەت"ەکەوە هاتبێت، ئەوەیە کە ئەبێ ئەم دەسەڵاتە پێدوایستیە سەرکیەکانی خەڵك دابین بکات تا بتوانێت حوکمڕانی بکات بەسەریاندا. هەر دەسەڵاتێك نەتوانێت ئەمە بکات زۆر زەحمەتە فەرمانڕەوایەتی بۆ بکرێت. خەڵکی ناڕازی دەبن، ڕقوقینیان پەنگ و پیش دەخواتەوە و دەتەقنەوە بەڕووی دەسەڵاتەکەدا. جارێك، دووان، سیان... خەڵکی بەزەبروزەنگ و لە ڕێگەی سەرکوتەوە دادەمرکێنرێنەوە بەڵام لە ئاکامدا ئەگەر گۆڕانکاریەکی ڕیفۆڕمانە بۆ هێنانەدی هەندێك لەخواستەکانی خەڵك نەکرێت ئەوا ئاکام ڕووخانی ئەودەسەڵاتە بووە. ئەوە پڕوپاگەندەیەکی سیاسی نییە کە بمانەوێت بیکەین بەڵکو مێژوویەکی واقعیە ڕوویداوە، نوسراوەتەوە و ئێمە لێرەدا ئەیخوێنینەوە. ناسیونالیزمی کورد وەك خواپێداوێك کە تازە کەوتووە بەسەر نازونیعمەتی دەسەڵاتی دەوڵەت لە هەرێمەکەیدا، کەوتۆتە ناو پڕۆسەیەکەوە کە لەڕێگەی ئەزموونێکی عەمەلییەوە تێگەیشتن لەو مەنتیقە بەدەست دێنێت کە ناتوانێت دەسەڵاتی سەرمایە بەسەر کۆمەڵگەی کوردستاندا بپارێزێت ئەگەر هاوئاهەنگی (التوازن) یەك لە نێوان دوو جەمسەری دژبەیەك، جەمسەری پێداویستیەکانی کەڵەکەبوونی سەرمایە و جەمسەری دابینکردنی پێداویستیەکانی خەڵکدا دروست نەکات. وە ئەبێ بتوانێت خۆی وەك پیاو چاك و ڕیش سپییەکی بێلایەن لەنێوان ئەم دوو ئۆردووگا دژبەیەکەدا و لە سەرووی چینەکانەوە بەخەڵك بناسێت، کە خەریکی ئاشتی و تەبایی نێوانیانە و لایەنگری هیچ بەرەیەکیان نیە و نوێنەری هەموو میللەتە. وەلێرەوە نۆکەرایەتی خۆی بۆ سەرمایە بشارێتەوە. وەلەو پێناوەدا هەرچی خوڕافاتی ئایین و توڕڕەهاتی باب و باپیرانی "میللەتەکەمان" هەیە (لەباتی فەرهەنگ و ئەرزشی ئینساندۆستانەی مۆدێرن و سکیولار) زیندوو دەکرێتەوە دەرخواردی خەڵکی بەدبەخت و بێچارە ئەدرێت. ئەم پیشە "نۆکەرایەتیە" پیرۆزەیە زۆر لە تۆپ و تەیارە، زەبروزەنگ، سەرکوت و زیندان کاراترە (مؤثر) و تەواوی دەوڵەتانی (بخوێنەرەوە نۆکەرانی سەرمایەی) جیهانی ئەمڕۆ ئەمە پیشە پیرۆزەکەیانە. ناسیونالیزمی کورد کە تازە تەعین کراوە هێشتا لەم پیشە پیرۆزەیەیدا لێهاتوویی و لێوەشاوەی (المهارة و اللياقة) بەدەست نەهێناوە. گیروگرفتێك کە دەسەڵاتی ناسیونالیزم لە کوردستاندا هەیەتی تێکچوونی ئەم هاوکێشەیە و لاسەنگی تەرازووەکەیەتی بەڕاددەیەکی وەها لە بەرژەوەندی سەرمایە کە ئیتر لە توانای جەمسەری دووەمی هاوکێشەکەدا نەماوە لەمە زیاتر ئەم بارودۆخە تەحەممول بکات، ئەم جەمسەرە بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو هاوکێشەیە پاش چاوەڕوانیەکی دوورودرێژ ناچار بووە بێتە مەیدان بۆ دەرسدادانی ئەم ناسیونالیزمە کێویلکەیە تا لەم هاوکێشەیەی حاڵی کات.

خۆپێشاندانەکانی ئەم دواییانەی کوردستان هاتنە مەیدانی جەماوەرە بۆ ڕێك هێنانەوەی باروزروف و ئاستی ژیانی خەڵك لەگەڵ ئەو گۆڕانگاریە سیاسی-ئابووریانەی کە هەرێمەکە بەخۆیەوە بینیوە لە چوار-پێنج ساڵی ڕابردوودا. لە ناوەڕۆکدا بزووتنەوەیەکە بۆ داسەپاندن و هێنانەدی خواستە کۆمەڵایەتیەکانی چەند چین و توێژێکی جیاجیای کۆمەڵایەتی. واتە بزووتنەوەیەکی ڕیفۆڕمیستی، بزووتنەوەیەکی موتاڵەباتی گشت خەڵکییە. ناچارکراوە بە شێوازێکی توندوتیژ و ڕادیکاڵ بێتە مەیدان. ئەمەش خۆی لەخۆیدا مانای چاوکراوەیی جەماوەر و چوونەسەری ئاستی چاوەڕوانیەکانیان و ڕازی نەبوونیانە بەم باروزوفە و دێنە مەیدان بۆ هێنانەدی گۆڕانگاری تیایدا. بۆیە ئەم ناڕەزایەتیە جەماوەریانە ڕیشەکانی نەك لە مێژووی ناڕەزایەتی و ناڕەحەتیەکانی خەڵکی کوردستان لە دەست "یەکیەتی"

و "پارتی" بەڵکو ڕیشەکانی لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی-سیاسی و ئابووری تازەی ئەمڕۆی کوردستاندایە که هێشتا له ئاگاهی تیۆری و سیاسی چەپی کوردستاندا فۆرمۆڵە نەبووە.

[ئەم بزووتنەوەیە بەرەو کوێ ئەڕوات، لەکوێ ئەگیرسێتەوە و چۆن بەرزئەکرێتەوە بۆ ئاستی خاوەن ئالایەکی سیاسی بۆ هێنانەدی ئاڵوگۆڕیەکی سەراسەری، چۆنچۆنی پەیوەست ئەبێت بەبزووتنەوەی کرێکاری و چەپەوە لە شوێنێکی تردا باسی لێوە دەکەین].

2- ناسیونالیزمی کورد لە سەردەمی عەولەمە و بازاڕی ئازادا.

24/نۆڤەمبەری-2006

-ماویەتی-